

ئەگەرەکانی تر..

مەریوان وریا قانع دەنووسێت

# ناسیۆنالیزمی کوردی بەچ ڕێگایەکدا دەڕوات؟

غەسان سەلامە، نووسەرو زانای سیاسی لوبنانی، لە یەکێك لەنووسینەکانیدا چیرۆکی فەشەلی فرەلایەنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەگێڕێتەوە. بەتایبەتی چیرۆکی ئەو باڵەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی کە مژدەی یەکێتی جیهانی عەرەبو مژدەی لەناوبردنی ئیسرائیلو مژدەی بە عەلمانیکردنی هەمەلایەنەی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی هەڵگرتبوو. بەباوەڕی ئەم نووسەرە ناسیۆنالیزمی"وەحدەوی" عەرەبی لە سێ رووەوە فەشەلی هێناوە: یەکەمیان فەشەلی پرۆژەی وەحدەی عەرەبیو بەردەوامی دەوڵەتی قوتریە، دووەمیان داننانە بەئیسرائیلداو قبوولکردنیەتی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، سێهەمیشیان هەیمەنەی گوتاری ئیسلامی سیاسیو پاشەکشێی رەهەندە عەلمانییەکانی ژیانی سیاسییە لە جیهانی عەرەبیدا. بەمانایەکی دیکە ناسیۆنالیزمی وەحدەی عەرەبی هیچ یەکێك لەو سێ ئامانجە سەرەکییانەی بۆ نەهاتۆتە دی کە بەشێکی گرنگبوون لە ئایدیۆلۆژیاو ویستە سیاسییەکانی.

بێگومان زەحمەتە مردنی تەواوەتی ئەم باڵە سیاسییەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی راگەیەندرێت، زەحمەتە ئەوە بسەلمێندرێت کە ئایدیۆلۆژیای وەحدەوی بەتەواوی مردووەو بەهیچ جۆرێك ئاسەوارو کاریگەری لەسەر ژیانیسیاسی عەرەبی نەماوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە دەکرێت بڵێین جیلێك یان دوو جیل لەو سیاسیانەی هەوڵی پیادەکردنی مژدەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە وەحدەوییەیان ئەدا، فەشەلێکی سەرتاسەریو هەمەلایەنەیان هێناوە. ئەم فەشەلەش زیانێکی گەورەی بەکۆی ئەو وێنەو دیدو بۆچوونو بنەما ئایدیۆلۆژیانە گەیاندوە کە ئەم باڵە لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەمەوە کاری پێدەکات.

بەر لەفەشەلی ئەم باڵە وەحدەویە ناسیۆنالیزمی عەرەبی فەشەلی کۆمەڵێك پرۆژەو خەونی ناسیۆنالیستانەی تری بەخۆیەوە بینیوە کە زۆربەیان لەدوای قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتەوە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا هاتنەکایەوە. لەدوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتەوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی خەونی بە کۆمەڵێك پرۆژەی نوێوە بینی کە هەرە گرنگەکانیان بریتین لە:

١-پرۆژەی سەر لەنوێ بنیادنانەوەی سیستمی خەلافەت بەڵام بەمەرجێك خەلیفە ئەمجارە تورك نەبێت، بەڵکو عەرەب بێت. خێزانی هاشمییەکان یەکەمین کەس بوون ئەم تەماحە سیاسییەیان هەبوو، هەربۆیە لەجەنگی جیهانی یەکەمدا بۆ لێدانو خستنی خەلافەتی عوسمانییەکان دایانە پاڵ بەریتانیاو هاریکاری ئەویان کرد. بەرامبەر بەم هاریکارییە بەریتانیا وادەی دامەزراندنی شانشینێکی گەورەی عەرەبی پێدان کە لەسەر سیستمی خەلافەت بنیادبنرێت. لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا هەمان خەون لە میسر سەریهەڵداو چەندان کۆنگرە لەمەکەو قاهیرەو قودس بۆ باسکردنو پلاندانان بۆ ئەم پرۆژەیە رێکخرا، بەڵام هیچ یەکێك لەم خەونانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا.

٢- پرۆژەی قبولکردنی سیستمی دەوڵەتی قوتری بەڵام لەپاڵیدا دروستکردنی"کۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبەکان" (جامعە الدول العربیە) وەك چوارچێوەیەك بۆ کۆبوونەوەو هاریکاریکردنو یەکخستنی هەڵوێستی دەوڵەتە قوترییەکان لەگەڵ یەکدا. ئاشکرایە هەم لە ئاستی قوتریدا ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوو نییەو لەناو هەریەکێك لە وڵاتە عەرەبییەکاندا کۆمەڵێك هێز هەن گەر داوای جیابوونەوەش نەکەن ئەوا خۆیان بە هاوڵاتی راستەقینەی ئەو وڵاتانە ناناسن. هەم جامیعەی دەولی عەرەبیش دەزگایەکی بێئیرادەو بێهێزو بێتواناو بێدەسەڵاتەو هیچ کاریگەرییەکی راستەقینەی لەسەر بڕیاردانی سیاسی نییە.

٣-بوونی گروهێك لەرۆشنبیرو تیۆریست کە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسی دنیای عەرەب یەکێتییەکی جمهوریان لەبەرچاو بوو لەسەر مۆدێلی ئیتالێ یان ئەڵمانی. ئەمەشیان لە هیچ قۆناغێکدا نەیتوانیوە ببێت بە بەشێك لەواقیعی ژیانی سیاسی عەرەبی.

٤-پرۆژەی جۆرێك لە ناسیۆنالیزم کە گەورەتربێت لە دەوڵەتی قوتری بەڵام بچووکتر لە هەموو دنیای عەرەبی. باشترین نموونەی ئەم خەونە ناسیۆنالیستییە هەوڵەکانی ئەنتوان سەعادەیە بۆ بنیادنانی"سوریای گەورە". یاخود هەوڵەکانی سعودیە بۆ یەکگرتنی جەزیرەی عەرەبیو هەوڵی دەوڵەتانی مەغریبی عەرەبی بۆ دروستکردنی یەکێتی وڵاتە عەرەبییەکانی مەغریب. هیچ یەکێك لەم هەوڵانەش ئاکامێکی مێژوویی راستەقینەی نەبووە.

ئەمڕۆ بزوتنەوە جیاجیاکانی ئیسلامی سیاسی هەوڵی گرێدانی دینو ناسیۆنالیزم ئەدەنو ئیسلامبوون وەك بنەمایەك بۆ یەکێتی نەتەوەیی دەخەنە گەڕ، بەڵام ئەمانیش لە هیچ ئاستێکدا بە ئاراستەی یەکخستنەوەی جیهانی عەرەبی کاریان ئەنجام بدرێت. لەڕاستیدا ئیسلامی سیاسی دابەشکردنەکەی جیهانی عەرەبی گەورەترو قوڵترکردۆتەوە بچووکتری نەکردۆتەوە.

هۆکارەکانی فەشەلی بەردەوامی ئەم پرۆژانە زۆرو هەمەلایەنن دەشێت گرنگترینیان لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە:

١-ناسیۆنالیزمی عەرەبی هەڵگری گوتارێکی راستەقینەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی نەبووەو نییە، زۆربەی کات بە لۆژیکی ئاغاو مسکێن مامەڵەی دانیشتوانی وڵاتە عەرەبییەکانو گروهە ئەتنیو ئایینیو کولتوورییە جیاجیاکانی کردووە. چەمکە هاوڵاتی لەم ناسیۆنالیزمەدا غائیبەو چوارچێوەکانی دەسەڵاتی نەتەوەیی تیایدا چوارچێوەی داخراون بەرووی نوخبەیەکی دەسەڵاتداری بچووکدا. ئەم دۆخە بەرادەیەك نووسەرێکی وەك بورهان غەلیون نوخبەی دەسەڵاتدار لە جیهانی عەرەبدا وەك نوخبەیەکی دژ بەنەتەوە ناو نووس بکات.

٢-ئەم ناسیۆنالیزمە هەمیشە هەڵگری گوتارێکی تەمجیدی بووە بەرامبەر بەرابردووی نەتەوەیی بەجۆرێك ئەو رابردووە لەوەدەرچووە کە شوێنێك بێت بۆ بەرهەمهێنانی رەمزی نەتەوەیی، بەڵکو بووە سەرچاوەی دۆزینەوەی بەهاو ئەخلاقو فیکرو مەعریفە. ئەمەش وایکردووە ئەم ناسیۆنالیزمە لەو جیهانەدا دابیرێت کە لەناویدا ژیاوە، ئینتیمای بۆ رابردوو بەهێزتر بوویێت تا بۆ ئێستا، دەرگاکانی بەرووی رابردوودا کراوەتربوون لە دەرگاکانی بەرووی ئایندەدا.

٣-ئەم ناسیۆنالیزمە موبالەغەیەکی گەورەی لەدروستکردنی وێنەی دوژمندا کردووەو ئەم وێنەیەش رۆڵێکی گەورەکراوی لە مێژووی ئەم ناسیۆنالیزمەدا بینیوە. راستە هەموو ناسیۆنالیزمێك پێویستی بە وێنەی دوژمن هەیە، جا چ دوژمنی دەرەکی یان دوژمنی ناوەکی، بەڵام ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئەم پێویستییەی بەرادەیەك گەورە کردووە کە هەموو شتەکانی دیکەی لەبەردەمدا بچووك کردۆتەوە. وێنەی ئیسرائیل وەك دوژمنێکی دەرەکیو کوردیش وەك دوژمنێکی ناوەکی باشترین بەڵگەی ئەم بۆچوونەن.

٣-پێداگرتنی بێئەندازەی ئەم ناسیۆنالیزمە لەسەر رۆڵی سەرکردەو کاریزما. راستە هەموو ناسیۆنالیزمێك بەدوای سەرکردەیەکدا دەگەڕێت کە یەکێتی نەتەوەیی لە بوونی خۆیدا بەرجەستە بکات، بەڵام ئەم دۆخە لە جیهانی عەرەبیدا سروشتێکی ئەفسانەیی گرتۆتە خۆیو سەرکردە عەرەبەکان وەك بوونەوەرێکی ئەفسانەیی پێشنیارکراون. لە عەبدولناسرەوە بۆ سەدامو لە حافیز ئەسەدەوە بۆ بۆرقیبە نموونەی ئەو سەرکردە عەرەبانە دەبینین کە پلەیەکی ئەفسانەییان پێدراوە.

٤-پێداگرتنێکی پەرگیر لەسەر بیرۆکەی رەسەنایەتیو خۆماڵیبوون. سەدەو نیوێکە رۆشنبیریی عەرەبیو فیکری ناسیۆنالیستی عەرەبی باس لەگرنگی رەسەنایەتیو پاراستنی خۆماڵیبوون دەکات. بەرادەیەك ئەم پێداگرتنە دۆخی داخرانێکی کولتووری دروستکردووە کە تێیدا بەها کۆنو بەسەر چووەکان ژیانی تاکە کەسیو کۆمەڵایەتییان گەمارۆ داوەو هەوڵەکانی تازەکردنەوەیان بێئەندازە زەحمەت کردووە.

ئەم هۆکارانەو چەندانی دیکەش وایانکردووە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەسەد ساڵی رابردوودا لە فەشەلێکەوە بۆ فەشەلێکی تر بگوێزێتەوە. بەرادەیەك ئەمڕۆ جیهانی عەرەبی لە هەموو روویەکەوە لەدوای بەشەکانی دیکەی جیهانەوەیە. راپۆرتی"گەشەی مرۆیی لە جیهانی عەرەبیدا" کە لەساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە نیشانیدا جیهانی عەرەب لە چ تاریکاییەکی سیاسیو فیکریو کولتووریو ئابووریدا دەژی.

ئەمڕۆکە لەزۆر رووەوە ناسیۆنالیزمی کوردیش بە هەمان ئەو رێگەیەدا دەڕوات کە سەد ساڵە ناسیۆنالیزمی عەرەبی پێیدادەڕوات. ناسیۆنالیزمی کوردیش دروشمی نەتەوەیی بەرزکردۆتەوە لە غیابی لانیکەم سیاسەتو کردەوەو بیرکردنەوەی نەتەوەییدا. هەڵگری سیاسەتێکی دروستی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی نییەو ئەوەی دابەش دەکرێت چ ئابووری چ دەسەڵاتو چ کارو پلەو پایەی ئاسایی بیرۆکەی عەدالەت نایبات بەڕێوە، بەڵکو خزمایەتیو دوورو نزیك لە سەرکردەکانی پارتیو یەکێتییەوە دەیباتبەڕێوە. لە هەمانکاتدا ناسیۆنالیزمی کوردی هەڵگری گوتاری هاوڵاتیبوونی یاسایی نییە کە ئینسانی کورد لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون مامەڵەبکات، بەڵکو رێك وەك رەعیەتو مسکێنو ئینسانی پلە دوو مامەڵەی دەکات. رۆڵی سەرکردە لەم ناسیۆنالیزمەدا هێجگار قەبەو گەورەو پیرۆزکراوە. فوو بە بیرۆکەی خۆماڵیبوونو رەسەنایەتیدا کراوەو بە هەقو ناهەق دژ بە هەوڵی تازەبوونەوەی کۆمەڵایەتی بەکار هاتووە. بە کورتی ناسیۆنالیزمی کوردی دوای سەدەیەك لە هەڵە کوشندەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، تازە بەتازە، بەو رێچکانەدا دەڕوات کە عەرەبی لە فەشەلێکەوە بۆ فەشەلێکی تر




# بوچی ئەم ل فەلوجە شەهیدا بدەین

ئیسماعیل تاهیر - دهوك

چەندا گران بوو دەمێ تەرمێ پیرۆزێ گەنجەکێ خەلکێ دهوکێ ژ بازێرێ فەلوجە ڤەگەراندیو بەهیا وی ل دهوکێ هاتیە دانان؟ چەندا نەخوش بوو دەمێ من زانی کو ئەڤ گەنجە ل بازێرێ فەلوجە هاتیە شەهید کرنو من بو خوە دگوت، بوچی ل فەلوجە ئەم شەهیدا بدەین؟ کەنگی کوردان دۆزا خوەیا رەوا بنەجهـ کریەو کێشا خوە چارەسەرکریە هەتا گەرا وێ هندێ بهێت شەهیدا ل فەلوجەو جهێن دی بدەت؟ خو ئەگەرێن چوونا ڤی گەنجیو براێن وی ژ هاولاتیێن کورد چ ل بن هزرا مە سافیو پاقژ نابیتو هەر دێ مانشێتا ل سەر دووبارەکەین. دیارە ئەڤ گەنجە ئێك بوویە ژ هێزا دبێژنێ (پاسەوانێت نیشتمانی)و قەدرا وی هاتیە کو ل فەلوجە بهێتە شەهیدکرن. ئایا زارۆكو بەرەبابێن کوردێن پاشەرۆژێ دێ بو مە چ بێژن: "کوردەك یان پتر ل فەلوجە هاتینە شەهید کرن"! ئەرێ کاری وی ل فەلوجە بوو ول وی دەمی ئەز باوەر ناکەم کەس بەهانا ژ پێش مە ڤە بگریتو بێژیت مە لوی سەردەمی رێککەفتن دگەل حکومەتا عیراقا فیدرالا وی وەختی هەبوو وپێدڤی بوو مە لەکەر هنارتبایە، لڤێرە دڤێت دەستهەلاتا کوردی، ژ حیزبێن سیاسی یان حکومەتا هەرێمێ رادەکێ بو ئەڤان کارێن نەبەرپرسیارانە دانو ئێدی نە کورێن مە ل ڤان جها بهێنە کوشتنو نە چەپەرێن نە بو کوردایەتیێ بن چ گەنجێن مە لیێ نەبنە قوربان. مە ل شەرێ نەجەفدا گوهـ ل چ کریارێن لەشکری نەبوون ئەو ئەزمان درێژێن بناڤێ ڤەکولەرێن سیاسیێن عەرەب ژ پاشماێن رژێما پێشوو پێشمەرگە گونەهبار کرن بە پشکداریکرن دشەرێ دا. ئەگەر کورێن کوردستانێ ل چەپەرێن موسڵو کەرکوکێ یان خانەقینو مەندلیو شنگارێ شەهید ببن، جهێ سەرفەرازییەو هیجەتو بەهانە بو هەنە. هەر چ نەبیت دێ ژ پێخەمەت هەبونا کوردانو پاراستنا گیانێ وان ل ئەڤان بازێرا سەرفەرازیا شەهیدبوونێ بدەست ڤەبینو ئەڤە مەزنترین پلا سەرفەرازییە. مخابن لسالێن (١٩٦٧ ـ ١٩٧٣) کومەکا گەنجێن کورد ل فەلەستینێ هاتنە شەهیدکرن، دەما پشکداری دشەرێن عەرەبا دگەل ئیسرائیلێ هاتینە کرن. ئەرێ کی ئەڤرو شانازیێ پێ دکەتنو کی هزرا وان دکەتن، یان بیرەوەریا وان ساخ دکەتن؟ گومان تێدا نینە کو ڤێ چەندێ بتنێ یەك ئەگەر هەیە، ئەو ژی ئەڤەیە کو ئەڤ گەنجە درێەکا نەرەوادا هاتینە شەهیدکرنو، ل دیف برایێن مە یێن عەرەب ژی نە جارەکێ ب چاڤەکێ راستگویی بەرێخودایە ئەڤان قوربانیانو نە جارەکێ دانپێدان ب پشکداریا کوردان دشەرێ فەلەستینێدا کرینە، بەلکو بەرۆڤاژی هەردەم ئەم ب دروستکرنا پەیوەندیێن گومانلێکری دگەل ئیسرائیلێ گونەهبار کرینەو هەتا رۆژا ئەڤرو ژی مە ئارمانجێن وان یێن سەرەکی دزانن. بلا ئەم شاشیو خەلەتێن مێژوویی دووبارە نەکەینەڤەو خوە ژ بەرپرسیاریەتیا مێژوویی بێ ئاگەهـ نەکەین، ژ بەر کو دیرۆك دلوڤانیێ ب کەسێ کێم هزرو خەشیم نابەتو، هەتا شاشی دئێتە چارەسەرکرن هزرو شیانێن مەزن پێ دڤێن. هەتا نوکە ژی ئەز نزانم دێ برایەتی یا کوردو عەرەبا چ مفایی گەهینتە دوزا کوردیو دێ چ ل کێشەیا مە زێدەکەتن! کەسێن بلیمەت دبێژن "یێ تشتەك نەبیت نەشێتن تشتەکێ بدەتە کەسەکێ"و مخابن برایێن مە یێن عەرەب ژ ڤی رەنگی نە. ئەوان ژ پێخەمەت کێشەیا خو یا سەرەکی (کێشەیا فەلەسینێ)، چ نەکریە. ئەڤجا ل بەرامبەر کێشەیا کورد دێ چ کەن؟ بتنێ بلا دڤێ قوناغێ دا پەیوەندیێن مە دخزمەتا چارەسەرکرنا کێشا مەدابن نە زێدەتر. هەر کەسێ بێژیت مە ژی هەر ئەڤەیا کری، دێ بوو وی دیار بیت کو شەهیدبوونا گەنجێن کورد ل فەلوجە کارەکێ زێدەیەو چ جارا پێدڤی نەبوو هاتبا کرن. بتنێ بلا کاری ژ بوو کێشا خویا سیاسی بکەین. مە کیانەکێ رەحەت وئێمن دڤێت. مە نەڤێتن مینا برایێن خوە یێن عەرەب بتنێ ببنە ئامیرێن ئاخفتنێو ب برایینێ بێژینو ل دیفدا چ یا خرابە، وێ ددەرهەقێ برایێن خوە بکەین. ب تنێ ژ بەر ئەڤان ئەگەران "بوچی ئەم ل فەلوجە ئەم شەهیدا بدەین"؟

# ڕۆژی حەشر..!

لەئەفسانە ئاینییەکاندا باس لەوەدەکرێت کە دوای ئەوەی ژیان لەلای خواوە کۆتایی پێدەهێنرێت، رۆژێك هەیە هەموو مردووەکان تیایدا زیندوو دەکرێنەوەو چاویان دەچێتە تەوقی سەریانو دەبرێنە بەردادگای خواهانەو لەچاکەو خراپەیان دەپرسرێتەوە.
ئەو رۆژە کە وەك ئەفسانەیەك لەکتێبە ئاینییەکاندا باسدەکرێتو مرۆڤی پێدەترسێنرێت تا نەهی لەکاری خراپە بکاتو دەست بۆکاری چاکە ببات (دیارە لەروانگەی ئاینەوە)، کەچی لەهەڵبژاردنەکەی ئەم جارەدا بەهیمەتی حیزبە کوردیە گەورەکان ئەو ئەفسانەیە بووە واقیعێكو بۆ مەسخەرەی دیموکراتیو خۆسەپاندن.
خەڵك بەچاوی خۆیان بینییان چۆن مردوو زیندوو دەکرێتەوەو بەشداری لەهەڵبژاردندا دەکاتو دەنگی خۆشی دەدا بەو حیزبانەی کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان زیندو کوژو مردوو زیندووکەرەوەن!
لەوەش زیاتر حیزبە گەورەکان لە گەمەی هەڵبژاردنەکاندا سنورەکانی ئەو ئەفسانەیەیان تێپەڕاندو لەویش ئەفسانەتر هەر سەرەتا توانییان بەناوی لیستی هاوبەشی برایەتییەوە خۆڵ بکەنە چاوی زیندووەکانەوە. کارێکی وابکەن کە خەڵك بە ناچاری دەنگ بەوان بدات.
ئێوە لەوە گەڕێن کە پەنجە مۆرەکە بەئاوی پرتەقاڵو فاستی جل شتنو شتی تر، لە پەنجەی دەنگدەران دەکرایەوە تا لەجارێك زیاتر دەنگدەر دەنگ بەحیزبەکەی بدات، یان لەوە گەڕێن کە ناوی وەهمیو ناوی ئەو کەسانە بەکاردەهێنرایەوە کە کۆچیان کردووەو لەدەرەوەی وڵاتن، بەڵام ئیتر مرۆڤ ناتوانێت لەوە بێدەنگ بێت کە مردووەکانی ناو گۆڕستان بەکاربهێنرێنو لەگەمەی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا دژایەتی یەکتری پێبکەن. دیارە ئەوان خۆیان چاك دەزانن کە لەناو ئەندامانو کادرەکانیاندا ساڵانێکە چ تۆوێکی نادیموکراتیو یەکتر رەتکردنەوەیان چاندووە. دەزانن تا چەندە دەتوانن لەبەرانبەر یەکتردا دان بەخۆیاندا بگرنو ئاکامی هەڵبژاردن قبوڵ بکەن، هەربۆیە بەدرێژایی چەندین ساڵ پارتیو یەکێتی نەیانتوانی هەڵبژاردن لەنێوان خۆیاندا ئەنجام بدەن. کاتێکیش لەلایەن ئەمەریکاوە زۆریان لێکرا بۆهەڵبژاردن، بەلیستێکی هاوبەش دابەزینو پێش وەخت کورسییەکانی پەرلەمانیان دابەشکردو لەباتی پەرلەمانێکی زیندوو، دیوەخانێکی حیزبیان پێکهێنا.
ماوەتەوە ئەوە بڵێین، گەر لەو ئەفسانە ئاینییە خەڵك فێری ئەوەدەبێت کە رۆژێك هەیە بۆ لێپرسینەوە، ئەوا لەم گەمەی هەڵبژاردنەشدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە تا پارتیو یەکێتی هەبن، خەڵکی کوردستان، هەڵبژاردنێك بەخۆیەوە نابینێ کە بێ کێشەو پێشێلکاری ئەنجام بدرێ.

کەمال ڕەئوف

# ڕونکردنەوەیەک لە ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە - ئیدارەی سلێمانی

سەبارەت بە هەواڵێکی نادروست کەلەپاشکۆی ژمارە (١٦)ی رۆژی سێ شەمە (٢٠٠٥/٢/١)ی رۆژنامەی **هاوڵاتی** دا بڵاو کراوەتەوە لەژێر ناوی: یەکێتی وپارتی : پێشمەرگەو ئاسایش تەزویر دەکەن.

ئەوەی روون وئاشکرایە هێزەکانی ئاسایش بەردەوام لەهەر کات و ساتێکدا بەردەوام لەکارو شەونخونیدان بەمەبەستی پاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتیان و دابین کردنی ئاسایش بۆسەرجەم خەڵکی کوردستانو جەماوەری بەشەرەفی گەلەکەمان شاهیدی دڵسۆزی و خۆماندوکردنی هێزەکانی ئاسایشن کە لەخۆبردوویانە شەو و رۆژیان خستووەتە سەر یەكو ئەو ئارامییەی لەکوردستاندا هەیە کە دۆست و دوژمنانمان لەناوەو دەرەوەش باسی دەکەن و شاهیدی لەسەر دەدەن بەرهەمی کاری ماندونەناسەکانی هێزەکانی ئاسایشە.

لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان و سەرجەم عێراق لەخۆ ئامادەکردندا بوون بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەهەمانکاتدا خەڵکی دڵەراوکێ یان هەبوو سەبارەت بەهەڕەشەی تێکدەران و ناحەزانی ژیانی روناکی و دیموکراسی ،بەڵام ئەوەی جێگەی خۆش حاڵییە هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك بەردەوام جێگەی متمانەبوون بەهەمان شێوە لەچەند رۆژی خۆ ئامادەکردن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و رۆژی هەڵبژاردنیشدا بەو پەڕی هەست کردن بە مەسئولییەتەوە توانیان بەئەرکی خۆیان هەستنو باشترین کەشی ئاسایش وئارامی بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان دابین بکەن بەشێوەیەك کەنەك هیچ رووداوێکی ئەمنی رووی نەدا بەڵکو بچوکترین کێشەی کۆمەڵایەتیش رووی نەداوە ، کەئەمەش بواری رەخسان بۆ سەرجەم هاوڵاتیان کەزۆر بێ خەمانە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان برۆنو بەئازادانە دەنگی خۆیان بدەن بەنوێنەرەکانیان.

بۆ ئەو مەبەستەش ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و چاودێرە خۆماڵی و بیانییەکان و سەرجەم خەڵکی کوردستان شاهیدن و زۆر دەست خۆشیان کردووە سەبارەت بەوەی پرۆسەکە بەشێوەیەکی دیموکراسی و زۆر بەسەرکەوتووانە بەئەنجام گەیەندراوە،و شاهیدی ئەوەشن کە هێزەکانی ئاسایش بەهیچ شێوەیەك دەستیان وەر نەداوە لەکاری کۆمیسیۆنەکانی هەڵبژاردن و لەکاتی ئەرکەکانیشیاندا بەهیچ شێوەیەك لەسندوقەکانی دەنگ دان نزیك نەبونەتەوە و، تەنهالەدەرەوەی بینای بنکەکان ئەرکەکانی خۆیان کە پاراستنی ئاسایش بووە بەئەنجام گەیاندووە.

سەبارەت بەو کەسەی کەرۆژنامەی **هاوڵاتی** وەك سەرچاوەیەکی ناو حیزبێکی سیاسی کوردستان ناوی دەبات و ناوی خۆی ولایەنەکەی ئاشکرا ناکات بێگومان ئەو کەسە لەبەر ئەوەی حیزبەکەی نەی توانیو جێگەی متمانەی خەڵکی کوردستان بێت و کەس دەنگی پێ نەداوە بەناچاری بەهانەی شکستی حیزبەکەی خۆی خستۆتە ئەستۆی هێزەکانی ئاسایش کەئەمەش ناهەقییەکی گەورەیە بەرامبەر هێزەکانی ئاسایش و هێزەکانی پاراستنی بنکەکانو مافی خۆمانە ئەم هەواڵە بەدرۆ بخەینەوە کەدوورە لە هەموو بنەمایەکی راستی،و ئێمە دڵنیاین کە هیچ بوختانێك ناتوانێت متمانەو باوەڕی خەڵکی کوردستان لەق بکات بەرامبەر رۆڵە بەئەمەك و ماندوو نەناسەکانیان لە ئاسایش.

**تێبینی: سەرچاوەی هەواڵەکەی هاوڵاتی، بەرپرسانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارن کە لەکۆبوونەوەکانی خۆیاندا لەگەڵ یەکتریو لەگەڵ حیزبەکانی تردا باسیان کردووە.**